# نمایشی تیپی سیمفۆنی عیراقی له سلێمانی

ئامادەکردنی/ بەختیار شێخ مستەفا

ڕۆژانی 11 و12 ی مانگی 8 لەسەر بانگهێشتی کەناڵی ئاسمانی کوردسات تیپی سیمفۆنیای نیشتمانی عیراقی لەهۆڵی سلێمانی نمایشێکی سازدا بە ڕێبەرێتی هەردوو هونەرمەند (عبدالرزاق العزاوی) و (عەبدوڵا جەمال) ناسراو بە ع. ج. سەگرمە.

شایانی باسە مامۆستا عەبدوڵا جەمال هونەرمەندێکی ناسراوی شاری سلێمانیيە و خاوەنی بڕوانامەی ماجستێرە لەبواری موزیکناسیدا و ماوەی دە ساڵ لە ئۆرکیسترای سیمفۆنی عیراقیدا وەك ڤایۆلینژەن ودانەر و ڕابەر کاری کردوە و ئێستا لە ئینیستیتوتی کەلەپوری کورد کاردەکات و سەرقاڵی بڕەودانە بە موزیکی کەلەپوری کوردی.



وەك بەشی موزیکی کوردستان نێت بەهەلمان زانی کە ئەم نمایشە لە سلێمانی سازدەدرێت بۆیە هەوڵماندا لە نزیکەوە پرۆگرامەکانی ئەم نمایشە بە خوێنەران بناسێنین.

هونەرمەند عەبدوڵا جەمال لەگەڵ دوو ژەنەری تیپی سیمفۆنی نیشتمانی عیراقی

ڕۆژانی پرۆڤە

لە ڕۆژانی پرۆڤەدا چەند جارێك ڕاهێنانەکانمان بەسەرکردەوە، ئەوەی جێی تێبینی بوو بۆ کەسێك خۆی کردبا بە هۆڵەکەدا بینینی ئەو ئامێرە ڕۆژهەلاتيانە بوو کەلەبەردەم ئۆرکێستراکەدا دانیشتبون و سەرقاڵی ڕاهێنان بون، کۆمەڵێك لاوی خوێن گەرم بە خۆشەویستی میوزیکەوە هاتبون تا بەشداری لەو هۆنراوە سیمفۆنیە بکەن کەیەکێکە لەدانراوەکانی هونەرمەند عەبدوڵا جەمال و بە چڕی چەند ئامێرێکی ڕۆژهەلاتی تێدا بەکارهاتوە کە شان بەشانی ئۆرکێسترا ئامێرەکانیان دەژەنن، دیارە ئەمە یەکەم جار نیە لە کاری ئۆرکێسترایی ڕۆژهەلاتیدا ئامێری ڕۆژهەلاتی بەکاربهێنرێت بەلام بە ئاشکرا تێبینی ئەوە

دەکرا کە چۆن تایبەتمەندێتی مامۆستا عەبدولاّ زالّە و بەرگێکی نوێی کردۆتە بەر ئۆرکیستراکە. ئەو ئامێرە ڕۆژهەلاّتیانەش کە بەشداربون بریتی بون لە (عود، سەنتور، جۆزە، باڵەبان، تار، دەف، زەرب) .

هەر لە ناو ئۆرکیستراکەدا کۆمەڵێك ژەنەری دانیشتوی سلێمانی و بۆ یەکەم جار لەگەڵ ئەم تیپەدا بەشداریان دەکرد بە ئامێرەکانی ڤایۆلین و ڤیۆلاو چێلۆ.



پرۆڤەی تیپی سیمفۆنی نیشتمانی عیراقی بە ڕێبەری مامۆستا عەبدولاّ جەمال



له كاتی پشوی موزیكژەنەكاندا چەند كەسێكمان دواندو ئەم پرسیارەمان ئاڕاستە كردن :

كوردستان نێت : چۆن هەستی خۆت دەردەبڕی بەرامبەر بەشداریكردنت لەم نمایشەدا :

جنید محمود (ڤایۆلینژەنی یەكەمی تیپ) : ماوەیەكی زۆر درێژە كەئێمەو ئێوە دابڕاوین و ئەمە یەكەم جارمە لێرە كارێك بكەین، هەست بەخۆشی دەكەم و هیوادارم ئەم كارە جوانە سەركەوتو بێت.

ئەو هەولانەی كە مامۆستا عەبدولا جەمال داویێتی لە بەشداریكردنی چەند ئامێرێكی ڕۆژهەلاتیدا لەو قەسیدە سیمفۆنیەی كە خۆی دانەرێتی بەڕاستی كارێكی داهێنەرانەیە و ئەزمونێكی نوێیە و من ئەم كارە بەرز دەنرخێنم.

ماجد الغزالی (ڤایۆلینژەن) : ئەم ئەزمونە وای لێكردین تواناكانی ولاتەكەمان بناسین، بە ڕاستی لەدوای سالی 1991 وە ئێمە لەیەكدابڕاین و بێئاگابوین لەكارە میوزیكیەكانی كوردستان، ئەو كاتانە ئێمە لە ژەنەری بێگانە دەگەڕاین، بەدلنیاییەوە دەلێم ئێستا ئێمە لە تواناماندایە تیپێكی باش دروستبكەین لەگەل ژەنەرەكانی كوردستان دا كە لەهیچ شتێكیان كەم نییە كەمی ئەزمون و تێكەلاوی و مامۆستا نەبێت.

سیروان جلال (ڤیۆلا ژەن) : ئەمە یەكەم جارە شەرفی بەشداربونم لەگەل ئۆركێسترای سیمفۆنی نیشتمانی عیراقدا پێدەدرێت، هیوای ئەندامێتی لەو تیپەدا دەخوازم.

خلیل عەبدولا (عود ژەن) : ئەم بەشداریكردنە تاقیكردنەوەیەكی گەورەیە بۆ ئێمە و وامان لێدەكات زیاتر بڕوامان بەخۆمان بێت و كاری جوانتر پێشكەش بكەین بەتایبەتی كەئەوان زۆر ڕەزامەندن لەئێمە دیارە هەمو ئەمانەش بەری هەولو ڕەنجەكانی مامۆستا عەبدولایە.

ڕۆژانی نمایش

كاتژمێر حەوت كاتی دەستپێكردنی نمایشەكە بوو بەلام سەعاتێك بەر لەو كاتە تاكە جێگەیەك نەمابوو بۆیە خەلكێكی زۆر لەهونەردۆستان و هونەرمەندان و تینوانی میوزیك هەروا دەگەڕانەوە، بەبەشداربونی ئەم جەماوەرە گەورەیە پرۆگرامەكان دەستیپێكرد كە بریتیبون لەم كارانە :

- ولفگانگ ئەمادیۆس مۆزارت –سیمفۆنی ژمارە 40 – مۆلتۆ ئەلیگرۆ، مەنۆتۆ، ئەلیگرۆ ئاسای.
- هانس گۆنتەر مۆمەر – فوك النخل (لە فۆلكلۆری عیراقیەوە) .
- لۆدڤیك ڤان بیتهۆڤن – ئۆڤێرچەر ئیگمۆنت.
- جۆرج بیزیە – سویت ژمارە 2لاررزیان.
- عەبدولا جەمال – قەسیدی سیمفۆنیایی ژمارە 2.



ژەنەری ئامێرە ڕۆژهەڵاتیەکان گوێ بۆ ڕێنماییەکانی مامۆستا عەبدوڵادەگرن

**دوا بەدوای نمایشەکە**

**هەر دوای نمایشەکەو لەبەردەم هۆڵەکەدا چەند کەسێکمان دواند و ئەم پرسیارەمان ئاڕاستەکردن :**

**کوردستان نێت : چۆن ئەم نمایشە هەڵدەسەنگێنیت ؟**

**ئالان ئەحمەد (خوێندکار) : کارێکی زۆر جوان بوو، هەقی خۆمانە کە شانازی بە هونەرمەندێکی وەك مامۆستا عەبدوڵاوە بکەین، بڕوا بکەن کەدەنگی دەفەکە تێکەڵ دەبو لەگەڵ نەغمەی (هۆی زەری) بەدەست خۆم نەبو حەزمدەکرد بچم یەك بە یەکیان ماچ بکەم.**

**تریفە (فەرمانبەر) : کارێکی جوان بوو، گەرچی لە ڕوی تەنزیم کردنەوە زۆر خراپ بوو، خەڵك زۆر بە نارەحەتی دەهاتە ژوورەوە، کۆمەڵێکی زۆر نەیان توانی بێنە ژوورەوە لە ناویاندا تێیدا بوو کە کارتی دەعوەتنامەی بۆ هاتبوو. پاشان دیاردەیەکی سەیر هەیە لەم جۆرە نمایشانەدا ئەویش ئەوەیە کۆمەڵێکی زۆر لە کارمەندانی کوردسات بە باجەوە دێنە ژوورەوەو هەر یەکەو یەك دوانێك دەباتە ژوورەوە بەڕاستی بەردەم نەخۆشخانەم بیر دەکەوتەوە کە چۆن سەدریە لەبەرێك دەتوانێت چەند کەسێك بباتە ژوورەوە.**

**جەمال عیزەدین (کاسبکارو هونەردۆست) : من پێشتر کاری تیپی سیمفۆنیای عیراقیم دیوە لەبەغدا و بە بۆچونی من تواناکانی ئەم تیپە لە هەشتاکاندا باشتر بوو، بەگشتی کارێکی باش بوو وە دەستخۆشی لە گشت لایەك دەکەم بە تایبەتی مامۆستا عەبدوڵا و سوپاسی کوردساتیش دەکەم کە هەمیشە ئەم بوارانەمان بۆ دەڕەخسێنێت کە هونەرمەندانی دەرەوەی ئەم شارە لەنزیکەوە ببینین، پێشنیارێکیشم هەیە کە ئەم جۆرە نمایشانە با بە بلیت بێت (تەنانەت ئەگەر نرخێکی ڕەمزیش بێت) تا ئەو گەڕەلاوژێیە دروست نەبێت کەلەبەردەم هۆڵەکەدا بینیمان.**

**ئاسۆ عەزیز (دەرچوی پەیمانگا) : وەڵا هۆی زاری و زارییەکە خۆش بو بەڵام ئەوانی تر لە مۆسیقای ئەفلام کارتۆن دەچوو !!**